# ڕفاندنی دوو ئەندامی حزبمان لەلایەن دەستەیکی چەکدارەوە لە بەغدا

# کارێکی تیرۆرستی ترسنۆکانەیە وبەتوندی مەحکومی دەکەین

دەستەیەک چەکداری کە پێک هاتبوون لە ژمارەیەک کەسی دەم هەڵپێکراو، ڕۆژی چوارشەممە رێکەوتی 7_12_2005 هێرشیان کردە سەر نووسینگەی حزبمان لەبغدا. لەم هێرشە تیرۆرستیەدا دوو هارڕێمان کە لە نووسینگەکە بوون ئەوانیش ئەکرەم فالح ختاب و باسم غەمیس بوون رفێندران بەرەو شۆێنێکی نادیار .

حزب بەبەردەوامی بەدوای هاوڕی ڕفێنداروکان دا دەگەڕێ و بۆ دەست نیشان کردنی ئەو لایەنەی بەم کارە هەستاوەو بۆ ڕوون کردنەوەی هەرچی زیاتری لایەنەکانی ئەم کارە تیرۆرستیە، ئەو دەستە چەکدارە ئاگادار دەکاتەوە لە پاراستنی گیانی ئەو هاوڕێیانەما ن و داوا دەکات دەست بەجی دەبێ ئازاد بکرێن .

ئەنجام دانی ئەم پەلامارە تیرۆرستیە بۆ سەر حزب لەلایەن داروەستە چەکدارەکانی سیناریۆی ڕەشەوە و بەتایبەت گروپەکانی ئیسلامی سیاسی سەرنجامی ڕوو بەڕووبوونەو ەیانە لەلایەن حزبەوە، لەم بارودۆخەی نەبوونی ئاسیشدا،و بەشێوەیەکی جەسورانە و هیچ مل نەدانێک بۆ هێزە ڕەشەکان و پرۆژە نائینسانیەک انیان لە عێراق دا .هەڵوێستی رادیکاڵ و سۆشیالستی حزب زەرەری گەورەی بەبەرژەوەند یکانی ئەم هێزە کۆنەپەرستان ە و ئیعتباریان گەیاندوە ،ئەمە وای لێیان کردوە بکەونە جوڵە وەک کاری تیرۆرستی هەمیشەییان بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی سۆشیالیزم و ئینسانیەت و رێگری دروست کردن لەبەردەم گەیشتنی بیروباوەڕی یەکسانی خوازانەو ئازیدیخوازا نەو موتەمەدین و ئینسانی بۆ جەماوەر لەرێگاری ڕفاندن و تیرۆرکردن و کوشتن و سەرکوتەوە .

حزبمان ئەم کارە بە توندی مەحکوم دەکات پەیمان دەدات کە دەست هەڵناگرێ لە لایەنە بەرپرسەکان ئەم کارەو بەهەموو تواناییەوە بەدوایانەوە دەبێت .کاری تیرۆریستی گروپەکانی سیناریۆی ڕەش ناتوانێت هیچ کەم باکاتەوە لە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتنی خەباتمان بەرەو ئامانجە سۆشیالستیەک ان و بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی تەواو بۆ گشت جەماوەری عێراق .

حزب بانگەوازی سەرجەم رێکخراوە مەحەللی و جیهانیەکانی موادفیع لە حقوقی بەشەر و رێکخراوە کرێکاری و سۆشیالستی و ژنان و هەموو ئەوانەی دیفاع لە کەرامەتی ئینسان دەکەن، ئەم کارە تیرۆرستیە ترسنۆکانەیە مەحکوم بکەن . ئێمە هەر زانیاریەکی ترمان بەدەست بگات لەسەر ئەم کارە ترۆرستیە رایدەگەیەنی ن .

**بژی سۆشیالیزم**

**بژی ئازادی یەکسانی  حکومەتی کرێکاری**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

**2005 _ 12 _ 10**